ژمارە : ٣٨٨ / ٢٧٢٢ كوردی / ٢٢ / ١٠ / ٢٠٢٣ زاینی

# ئـــاگــاداری

## ب/ کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە ( ١٩٣ ) بۆ جاری دووەم

پارێزگای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەینێت بۆ پرۆژەی ( دابین کردنی جل و بەرگی نەخۆش (welcome set) ( دیسپۆزەبل) بۆ نەخۆشخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەرو کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بە مەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بە مەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لە ناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەری نوسرا بێت و پێش کەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێری خۆجێیەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر(١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی ( یەك شەممە) ڕێکەوتی ٥/ ١١ / ٢٠٢٣ دەبێت . وە مەرج نیە فەرمانگەکەمان بە نزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت .وە کرێی بڵاو کردنەوەی ڕاگەیاندن دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

### مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر :

- کۆمپانیا تایبەت بێت بە یەکێك لەم بوارانە : (أ- تایبەت بێت لە بەرهەمێنان - هاوردن - فرۆشتنی جل وبەرگی نەخۆش ب- تایبەت بێت بە پێداویستی پزیشکی ج- تایبەت بێت بە نامێر وپێداویستی پزیشکی د- تایبەت بە بازرگانی گشتی (هاوردن - فرۆشتن) ی جل وبەرگی نەخۆش هـ - کاری هاوشێوەی کردبێت .
- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەتی هەبێت و نوێ کراوە بێت بۆ ساڵی ٢٠٢٣ .
- ماوەی پرۆژە ( یەك ساڵ ) ی تقویمیە .
- کاتی بەسەر چوونی تەندەر ( ٩٠ ) ڕۆژە لە بەرواری کردنەوەی تەندەرەکە.
- سزای کۆمپانیا بەپێ خاڵی (١٨) لە مەرجە تایبەتەکانی تەندەرەکە دەبێت
- بارمتەی سەرەتایی بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان و بەلێندەر بکرێت و لەگەڵ تەندەر پێشکەش بکرێت بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی پشتگوێ دەخرێت .
- هیچ تەندەرێك وەرناگیرێتەوە لە دوای کات و ڕۆژی دیاریکراو لە سەرەوە .
- بەڵێندەر دەتوانێت زانیاری زیاتر بە دەست بێنێت پێش کڕینی تەندەر بە سەردانی کردنی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەگشتیەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر.
- فرۆشتنی تەندەر ( ١٠٠,٠٠٠ ) سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە ، وە ڕۆژانە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی تاکو (١) دوای نیوەڕۆ دەبێت.

### تێبینی :

١. دوو ڕۆژ پێش کردنەوە تەندەر نافرۆشرێت .
٢. کۆمپانیا پابەندە لەگەڵ هێنانەوەی تەندەر نمونەی سێتەکان پێشکەش بکات
٣. دەبێت کۆمپانیای بەشدار بوو پشتگیری فەرمی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆل کردنی هێنان و دروستکردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی لە کوردستان ( کوالیتی کۆنترۆل ) بهێنێت بۆ مەبەستی بەشداری کردن لە پرۆسەی کەمگریەکە .

ئومێد خۆشناو
پارێزگاری هەولێر

### وێنەیەك بۆ :

- ✓ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕێزماندا ...
- ✓ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا ....
- ✓ نوسینگەی بەڕێز پارێزگاری هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .....
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕێزماندا...
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی تەندەرەکان
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری | بۆ جێ بەجێ کردن و کاری پێویست......
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان.
- ✓ ڕۆژنامەی خەبات / تکایە ئاگاداریەکە بڵاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەڵ ڕێزماندا ......
- ✓ ڕۆژنامەی هەولێر / تکایە ئاگاداریەکە بڵاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەڵ ڕێزماندا ......
- ✓ یەکێتی بەلێندەرانی کوردستان/ لقی هەولێر بۆ ئاگاداریتان .
- ✓ هۆبەی فرۆشتنی تەندەرات / بۆ کاری پێویست
- ✓ پرسگە / بۆ هەڵواسینی ئاگاداریەکە .
- ✓ خولاو

فرهاد ١٠/١٩